هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئێواران

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للتعليم الاعدادي والمهني
مديرية التعليم المسائي


IN

ژمارە: ١٠٦٧١ لە ٥/٨/٢٠١٤
ڕێکەوت: /گەلاوێژ /٢٧١٤کوردی

No:
Date: /2014

بۆ/ ب.گ.پ. { هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، گەرمیان ، کەرکوک /ب.خ.کوردی }

ب/ ڕێنمایی خوێندنی ئێواران ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٤

دوابەدوای نووسراومان ژمارە (١٢٣٤١ لــــــــــــــــــە ٢٠١٤/٨/٣ )

ئاماژە بە ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٢٠ تایبەت بە کارا کردنی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی ئێواران ، لای خوارەوە چەند ڕێنماییەکی تری خوێندنی ئێواران دەردەکەین بەمەبەستی جێبەجێ کردنیان لەم ساڵی خوێندن ٢٠١٥/٢٠١٤ :-

١- بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی زۆری قوتابی و خوێندکاران لە پۆلێکدا ، پێک هێنانی لیژنەیەک لەسەر ئاستی پەروەردەی قەزاکان بەمەبەستی دووبارە دابەش کردنەوەی قوتابیان بەسەر قوتابخانەکانی ئێواران .

٢- بەمەبەستی بەکار هێنانی تاقیگەکان ، کەل و پەل و ئامێرەکانی تاقیگە زانستی یەکان بە هاوبەشی لە ئەستۆی هەردوو قوتابخانەی سەرکی و میوان دەبێت .

٣- سەرپەرشتیاران سەردانی سەرجەم قوتابخانە و خوێندنگەکانی ئێواران دەکەن وەک هەر قوتابخانەیەکی ڕۆژ .

٤- لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرانە بکرێت کە ڕێنماییەکانی خوێندنی ئێوارانیان جێ بەجێ نەکردووە لە ئەنجامی سەرپەرشتی کردنی سەرپەرشتیاران و جەخت لە جێ بەجێ کردنیان .

٥- داهاتی فرۆشگەی ئەو قوتابخانانە بە پێی ژمارەی قوتابیان دابەش بکرێت بەسەر قوتابخانەی سەرەکی و میوان وەیان قوتابخانەکانی ئێواران فرۆشگەی تایبەتی خۆیان هەبێت .

٦- قوتابخانەکانی ئێواران دەبەخشرێن لە پێدانی بڕی ٢٥٪ ی داهاتی فرۆشگەکانیان بۆ ( ب.پ. قەزاکان ).

٧- پلەی پێوانەیی ( معیاری ) قوتابخانەکانی ئێواران دادەبەزێت تا ( -٢ ) .

٨- گەورەترین تەمەنی قوتابیان لە قۆناغی ئامادەیی ( ٣٠ ) ساڵ و لە قۆناغی بنەڕەتی ( ٢٤ ) ساڵ دەبێت { ئەم مەرجە تەنها لەسەر ئەو قوتابیانە جێ بەجێ دەکرێت کە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥ ناونووس دەکرێن لە خوێندنی ئێواران } .

٩- لەکاتی گواستنەوەی مامۆستایان ڕەچاوی میلاکی خوێندنی ئێواران بکرێت لەگەڵ تەمەنی مامۆستا بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ تەمەنی قوتابیانی ئێواران ( بێ جیاوازی کردن لەگەڵ قوتابخانەکانی ڕۆژ ) بە پێی پێویستی قوتابخانەکان .

١٠- کۆگەکانی دابەش کردنی پەرتووک ڕەچاوی قوتابیانی قوتابخانەکانی ئێواران بکەن و بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانەش پێویستە پلانیان هەبێت بۆ وەرگرتنی زۆرترین ژمارە لە قوتابیان .




Kurdistan Region - Erbil
Phone : 2232475/2230250
E- mail :info@kurdistan-moe.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفۆن: ٢٢٣٠٢٥٠/٢٢٣٢٤٧٥

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی<br>بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئێواران | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Education | إقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التربية<br>المديرية العامة للتعليم الاعدادي والمهني<br>مديرية التعليم المسائي |

ژمارە: ١٠٦٠١ لە ٢٧/ ١١/ ٢٠١٤
ڕێکەوت: ٦/ گەلاوێژ / ٢٧١٤ کوردی

No:
Date: /2014

١١- دابەش کردنی کاروباری قوتابخانەکانی ئێواران لە نێوان ( ب.گ.ئەزموونەکان ) و ( ب.خ.ئێواران ) بەم جۆرەی خوارەوە :-

أ- کاروباری تاقی کردنەوە و بڕوانامەکان تایبەت دەبێت بە ( ب.گ.ئەزموونەکان ) .

ب- کاروباری قوتابی و خوێندکاران ( لە وەرگرتن و گواستنەوە ) تایبەت دەبێت بە ( ب.خ. ئێواران ) .

١٢- پێویستە مەرج و پێوەرەکانی دیاریکراو لە سیستەمی قوتابخانەکانی ئامادەیی و بنەڕەتی ڕەچاو بکرێت لە کاتی دانانی بەڕێوەبەر لە قوتابخانەکانی ئێواران .

بۆ کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا .

د.پشتیوان صادق عبدالله

وەزیری پەروەردە

**وێنەی بۆ :-**

نووسینگەی جەنابی وەزیری پەروەردە

ب.گ.دیوان – بۆ ئاگاداریتان ، لەگەڵ ڕێزدا .

ب.گ.ف.ئامادەیی و پیشەیی / ب.خ.ئێواران – لەگەڵ بەراییەکان .

ب.گ.ف.بنەڕەتی / بۆ ئاگاداریتان ، لەگەڵ ڕێزدا .

ب.گ.ئەزموونەکان – بۆ کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا .

ب.گ.سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری - بۆ کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا .

ب.گ.پلان دانانی پەروەردەیی / ماڵپەڕی وەزارەت - بەمەبەستی بڵاو کردنەوەی لە ماڵپەڕی وەزارەت ، لەگەڵ ڕێزدا

بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکانی تری دیوانی وەزارەت ( ) - لەگەڵ ڕێزدا .

خولاو

ب.خ.ئێواران/ابراهيم رضا ابراهيم


Kurdistan Region - Erbil
Phone : 2232475/2230250
E-mail :info@kurdistan-moe.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون ، ٢٢٣٠٢٥٠/٢٢٣٢٤٧٥